سەرکۆزیرانی عێراق و هاوتا کوەیتیەکی جەختیانکردەوە لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات



ئەمڕۆ یەکشەممە،بە بۆنەی سوێندخواردنی دەستووری حکومەتەکەی "محەمەد شیاع سودانی"سەرکۆزیران ،لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا،پیرۆزبایی لە هاوتا کوەتەکەی کرد،و جەختی لە قووڵایی پەیوەندییەکانی عێراق و کوەیت و گرنگی پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات کردەوە .

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە:- "محەمەد شیاع سودانی" سەرکۆزیران، بەبۆنەی سوێندخواردنی دەستوری و پێکهێنانی حکومەتی نوێ، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ"شێخ ئەحمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد سەباح " سەرکۆزیرانی دەوڵەتی کوەیت ئەنجامدا.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە : "سودانی " سەرکۆزیران هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتن و سەقامگیری و خێشگوزەرانی بۆ حکومەت و گەلی کوەیت خواست.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە : سودانی هەر لەمیانی پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەدا ،جەختی لە بەهێزکردنی قووڵایی پەیوەندییەکانی عێراق و کوەیت، و گرنگی پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لەنێوان هەردوو گەل و حکومەتی برا کردەوە .